
# تۆی ژن کرێکاری بێ موچەی ماڵ و خاوەن موچەی دەرەوە



ژنە کرێکارێکی یەکێک لە باخچەکان

## پیرۆز بێت (١)ی ئایار

گلەییەک

## مەمشۆ بە چڵکاوێ چاکەی دواییم ناوێ

مەسەلەیەك هەیە کەماوەیەکی زۆرە بوتە جێگە بیرکردنەوەم ئەویش مەسەلەی دوو ڕوویی مرۆڤە.

هەمووکاتو لەبینینی هەڵوێستی مرۆڤە دوورووەکاندا ویستومە بەچەند وشەیە گوزارشت لەم ئەخلاقە بکەم، کە نەك من، کەسانی تریش تورە دەکات، بەڵام بێ دەنگ بووم، لەم نوسینەشدا ناچمە ناو ئەوهۆیانەی مرۆڤێك دەکاتە دوو ڕوو، بەڵکو تەنها لەئاست ئەم جۆرە مرۆڤانەدا دەڵێم زۆر سەیرە هەندێ جار دەبیستی کە فلان کەس زۆر بەخراپی ناوت ئەباتو سەدو یەك بوختانت بۆ دروست دەکات، کەچی کە پێت دەگات دەبێتە تنۆکی ئاو لەبەردەمتدا دەتوێتەوە، نازانم چۆن ئەو کەسانە دەتوانن لەیەک کاتدا دوو مرۆڤ بن، ئایا خۆیان لەناخی خۆیاندا شەرم لەو کردەوانەی خۆیان ناکەن؟

جاری واش هەیە کەسێك لێت دەتۆرێ یان لێت زیز ئەبێ لەسەر شتێکی زۆر سادە، یان لەسەر شتێکی هەڵبەستراو، بەبێ سێ و دوو دەکەوێتە زەم کردنت، بەجۆرێ لەچڵکاوت هەڵدەکێشێ، کەچی پاش ماوەیەك ئەوانە هەمووی پشتگوێ دەخاتو دەست دەکات بەستایشو پیاهەڵدانت بەرامبەر بەخۆت، بەشێوەیەك کە تۆخۆت لەئاست ئەم دووڕوییەی سەرسام دەمێنیت، بۆیە پێشینان باشیان وتووە (مەمشۆ بەچڵکاوێو چاکەی دوایشم ناوێ).

**ڕوناک ڕەئوف**

## درامای گەردەلولی دوو بەڕێوەیە

دەرهێنەر جەلیل زەنگەنە وێنەگرتنی بەشی دووەمی زنجیرەی درامای تەلەفزیۆنی گەردەلول دەستپێدەکات.

گەردەلول لەبەشی دوەمیدا، وەك دەرهێنەر دەڵێت" لە٢٥%ی وێنەگرتنی تەواو بوە، ئەمجارەیان بێجگە لە شاخو ئەشکەوتەکان، هەندێ دیمەنی لە بەغدادو دەرەوەی وڵات ئەنجام دەدرێن".

زەنگەنە لەبارەی کێشەکانی ئەم بەرهەمە ئاماژەی بەوەکرد کە" تەندروستیم نالەبارەو زۆربەی دیمەنەکانیش لەچیاو ئەشکەوتەکان دەگیرێن، ئەوەش ماندووم دەکاتو دواجار وێنەگرتن دوا دەخات".

درامایی گەردەلول لەبەشی یەکەمدا چیرۆکی نەهامەتیو خەباتو پارتیزانی کورد دەگێرێتەوە لەسەردەمی ڕژێمی پێشو.

لەبەشی دووەمیشدا درێژەی پێ دەدات، کە لە٣٠ ئەڵقەو هەر ئەڵقەی لە ٤٠خولەك پێکهاتوە.

گەردەلول لە نوسین و دەرهێنانی جەلیل زەنگەنەیەو بێجگە لە ستافەکەی خۆی هەندێ ئەکتەری تر ڕۆڵەکانی بەرجەستە دەکەن، ئەم درامایە بەرهەمی کەناڵی ئاسمانی کوردستاتەو بڕیارە بۆ ڕەمەزان نمایش بکرێت.

## شارەکەم کلیپ دەکرێت



گروپی موزیکی نەجمەدینی مەلا

گروپی موزیکی نەجمەدینی مەلا، بەرهەمێکی نوێ بۆ منداڵ، کلیپ دەکات.

گۆرانی (شارەکەم) دواهەمین بەرهەمی گروپی میوزیکی نەجمەدینی مەلایەو هۆنراوەی سەردار ڕەزاو ئاوازی ئامانج عوسمانە، وتنی (لەنیا تەنیا)و کۆڕاڵە.

لەدیمانەیەکی ڕێوان ئامانج عوسمان ووتی" گۆرانیەکە گوزارشت لە بوژاندنەوەی گوڵ دەکات لە وەرزی بەهار، کە پێویستە هەمیشە گوڵ بکەینە هاوەڵی منداڵان".

گروپی میوزیکی قوتابخانەی نەجمەدینی مەلای سەرەتایی، لەکۆمەڵێك منداڵی بەهرەمەند پێك هاتوە، وا بڕیارە ئەم بەرهەمەش لەکەناڵی پەروەردەو لەرۆژی جیهانی منداڵدا نمایش دەکرێت.

## (٥١) منداڵی کورد دەنێردرێنە عەممان

بۆ چارەسەرکردنی ڕوخساری ئەو منداڵانەی دەمولێوی لەتیان هەیە، (شیفە ئەرنەبیە) ٥١ منداڵی کورد ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی وڵاتی ئەردەن دەکرێن.

ئەم کارەش بە هەوڵ و کۆششی ڕێکخراوی (سمایڵ)ی ئەمەریکی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی، بەهاوکاری ڕێکخراوی ئەستێرەی منداڵانو بنکەی هێلێنە لە سلێمانی ئەنجام دەدرێت.

منداڵەکان کە ژمارەیان ٥١ منداڵ بوو ڕۆژی شەممە٢٠٠٧/٤/٢١ بەیاوەری کەسێکی نزیکیان ڕەوانەی عەمانی پایتەختی ئوردن کران، لەسەر ئەرکی ڕێکخراوی (سمایڵ)و وەزارەتی ناوبراو ئەرکی چارەسەری نەشتەرگەریان بۆ دەکرێت.

سەیران سەلاح بەرپرسی ڕێکخراوی ئەستێرەی منداڵان ووتی" ئەمە یەکەم جار نیە بەهاوکاری ئێمە منداڵانی نەخۆش ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکرێن و مایەی خۆشحاڵیمانە کە تاکو ئێستا چەندین منداڵ لە ڕێگەی ڕێکخراوەکەمانەوە چارەسەری بۆ کراوە".

## سۆزە محەمەد دڵ بۆ گوڵ دەکاتەوە



سۆزە محەمەد یەکەم پێشانگای تایبەتی خۆی، لە مۆزەخانەی سلێمانی کردەوە

پێشانگاکە بەهاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری لەرۆژی ٢٠٠٧/٤/٢٥ کرایەوەو تاکو٢٠٠٧/٤/٣٠ بەردەوام بوو.

بەرهەمەکانی پێشانگاکە کورتکردنەوەی کاری دوو ساڵی شێوەکارە کە تێیدا، هەوڵیداوە لەرێگەی گوڵو ڕەنگەوە گوزارشت لەناخی بکات وەک دەڵێت "بەگوڵ گوزارشت لەناخم دەکەم، چاوی عاشقانی گوڵو هونەر بە ئاوێزان بونی گوڵ گەشتر دەکەم".

**لێچونەوەی سوڕی مانگانە (تەمەنی نائومێدی) لەبەرنامەکەی د.عادل حسێندا بە نەخۆشی (کڵۆڵی ژنان) ناوبرا، بەرنامەکە شەوی ١٧/٢٠٠٧/٤/١٨ لە کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس پەخش کرا.**



گرتەیەک لە بەرنامەکە